www.kurdistannet.org

# هونەری سووکایەتی کردن بە کەسایەتی خەلک

سلیمان قاسمیانی

بەریزان بەرپرسانی سایتە کوردی‌یەکان!

رۆژ نیە کە لە سایتە کوردی‌یەکاندا، حورمەتی ئینسانی و شەخسی چەندەها کەس پێشیل نەکرێت. بازاری جنێودان و سووک کردنی "کەس" و کەس‌وکاری رەقیب، ئەوەندە گەرمە کە تەنانەت چاوپیاخشاندن بە لاپەرەکانی سایتەکان، خۆی لە خۆیدا پێویستی بە هێزی رووحی تایبەتی هەیە.
جنێونامەی "سوفی سەعی" کە روژی ۳۱ مانگی مارس، لە "کوردستان‌نیت" و "بروسکە"دا بلاو بووەوە تازەترین نموونەیە. "سوفی سەعی" حەقی خۆیەتی دوژمنی قەسدە سەری کومونیسم، منصور حکمت و هەر حزب و سیاسەت و کەسایەتی‌یەک بێت. "سوفی سەعی" بۆی هەیە سوفی سەهلە، ببێتە "روح‌الله"، ببیتە شیخ یان شەیتان و بەوپەری بیری گەندەل و کونەپەرستانەوە، یان سوپەر شورشگیرانەوە، برشێتە سەر هەر سیاسەت و بۆچوونێک کە بیەهەوێ! "سوفی سەعی" حەقی خۆیەتی تەنانەت ئەوەی سازمانی جاسوسی سەردەمی شای ئیران "ساواک" و سازمانەکەی سەردەمی کوماری ئیسلامی ئیران واتە "ساواما" کاوێژیان دەکرد و دەیکەن، دووپات و هەزار پات بکاتەوە.
بەلام ئایا بلاوکردنەوەی ئەم جۆرە سووکایەتی کردنانە رێزگرتن و داکۆکی کردن لە ئازادی بیرورا دەربرینە؟!
ئازادی بیرورا دەربرین هەرگیز بە مانای هیرش کردن بو سەر کەسایەتی خەلک نەبووە و نیە. کاتێک کەسایەتی کەسێک لە خۆیدا جێگەی پرسیارە، ئیتر باس لە سەر ئازادی بیرورا دەربرین نیە و ئەو مەسەلە دەکەوێتە خانەی دادپەروەری‌یەوە؛ خانەیەک کە ئیتر سایتی بیرورا دەبرین، بە هیچ جورێک نابی خۆی لێ بدا. دادگا شتێکە و سایتی گۆرینەوەی بیرورا شتێکی‌تر.
جێگەی داخە، کە بەرپرسانی سایتەکان بازار خۆش دەکەن بۆ ئەم بێحورمەتی کردنە بە ئازادی و رێگا دەدەن بە بلاوکردنەوەی ئەمجۆرە نووسینانە. دوان لە سەر منصور حکمت وەکو کەس شتێکە و دوان لە سەر بیروبۆچوون و سیاسەت و تیوری م. حکمت شتێکی‌تر. بەداخەوە "سوفی سەعی" تەنیا کەس نەبووە لەم بوارەدا و زۆر نووسەری ناودارتر و خامەرەنگینتر لەم حەزرەتە، پەنایان بردووە بۆ هەمان شێوە نووسین و تەنانەت رووی "شیخ‌رەزا تالەبانی"شیان سپی کردووەتەوە!

من لە هەموو ئێوە بەرێزانی بەرپرسی سایتەکان داوا دەکەم، کە لەمەودوا ریگە بە بیحورمەتی کردن بە کەسایەتی هیچ کەسێک لە سایتەکەتاندا نەدەن. ئەم کارە بەر لە هەموو شتیک بەرزی ئاستی بەرپرسیەتی و رێزدانانتان پیشان دەدات بو مروڤ و مافە سەرەتایی‌یەکانی. ئیوە نابێ لەم بارەوە هیچ جیاوازی‌یەک دابنین لە نیوان دوست و دژە سیاسی‌یەکانتان. دژایەتی سیاسی و جیاوازی بیرورا، سەیر نیە! سەیر لەوەدایە کە ئەم جیاوازییە و ئەم

www.kurdistannet.org

دژایەتییە ئەوەندە ئاستی نزم بکریتەوە کە لە "بیر" دەرچێ و خۆ بە گیان و ژیانی دژە سیاسی‌یەکە دابدات.
هەروەها داوا لە هەموو روشنبیران و میوانانی سایتە کوردی‌یەکان دەکەم کە لەمەودوا دەنگیان هەڵبرن و ناڕەزایەتی خۆیان سەبارەت بە بێحورمەتی کردن بە کەسایەتی خەلک لە لاپەرەکانی سایتەکاندا دەربڕن.